# سەرشێتیی شەڕ

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)

دەقی وتارەکەی مایکل ڤۆن دێر شولێنبێرگ "Michael von der Schulenburg" لە خۆپیشاندانی ئاشتی شاری بەرلین لە ڕۆژی شەممە ٣٠ی ئازاری ٢٠٢٤. مایکل ڤۆن دێر شولێنبێرگ یاریدەدەری پێشووی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و ئەزموونیکی پڕبایەخی کردەوەیی لە زۆرێک لە ناوچە شەڕگرتووەکان لە سەرانسەری جیهاندا هەیە. لە نێو ئەرکە بەنرخەکانیدا دەتوانین ئاماژە بە چالاکییەکانی لە ئەفغانستان، هایتی، پاکستان، ئێران، عێراق، و سیرالیۆن بکەین، هەروەها لە سوریا، سۆماڵی، ئاسیای ناوەڕاست، باڵکان و ناوچەکانی ساراش چالاك بووە.

"سەرشێتییە ئەگەر پێمان وابێ بنەمای وەدیهاتنی دیموکراسی و سەروەری یاسا لە جیهاندا زیاتر و زیاتر بەڕێبازی بەرهەمهێنانی چەکدا تێپەڕدەبێت. هیچ کام لە ٢٥١ هێرشی ئەمریکییەکان لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، نەبووەتە هۆی دابینکردنی دیموکراسی یان سەروەری یاسا. دەرئەنجامەکەی تەنیا ناسەقامگیری و لاوازیی دەوڵەتەکانیان بووە."

ئێمە ئێستا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی شەڕی سارد لە دۆخێکی زۆر مەترسیدارترداین. بۆیە حەز دەکەم لەم بارەیەوە لەگەڵتاندا بدوێم. سەبارەت بە سەرشێتی، چونکە وشەیەکیتری گونجاو بۆ وەسفکردنی سیاسەتی دەوڵەتمەدارانی ئەمڕۆیی نادۆزمەوە. سەرشێتییە ئەگەر لەم سەردەمە مەترسیدارەی ئەمڕۆدا سیاسەتی نابەرپرسانە بەڕێوە ببرێ.

هەروەها ڕاوێژکاریی ئەم دواییانەی ژەنەڕاڵەکانی ئاڵمانیا سەبارەت بە بەکارهێنانی موشەکی تاورس "Taurus" لە ڕووسیا سەرشێتانەیە. وەک چۆن پشتگوێخستنی پێگەی ئاڵمانیا لەم شەڕەماڵوێرانکەرە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم شێوە چەکەدا شێتانەیە. ئێمە باسی چەکێک دەکەین کە دەتوانێ بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە کرێملین لەناوببات و ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی کاردانەوەی ئەتۆمی لێبکەوێتەوە. وا دیارە ئەم سیناریۆیە هەرگیز لە مێشکی ئەم ژەنەراڵانەدا ڕۆڵی نەبووبێت.

سەرشێتییە کاتێ سەرۆکی فەرەنسا بیر لە ناردنی سوپا بۆ ئۆکرانیا دەکاتەوە، هەروەها سەرشێتییە سەرۆکی باڵای فەرەنسا پێشنیاری کۆکردنەوەی شەست هەزار سەربازی ناتۆ دەکات و هەموو ئەوروپا دەخاتە ناو شەڕێکی ماڵوێرانکەرەوە.

سەر شێتییە کاتێ بە بۆنەی دووەمین ساڵیادی شەڕی ئۆکرانیا، حکومەتی هاوپەیمان(حزبی سۆسیال دێموکرات، حزبی سەوز و حزبی لیبراڵ) و حزبی دێموکرات مەسیحی بەیەکەوە دوو ساڵ پێش ئێستا لە پارلەمانی ئاڵمان داوای "ڕاگەیاندنی شەڕ دەکەن. داواکارییەکانی حکوومەتی هاوپەیمانی و مەسیحی دیموکراتەکان لە پەرلەمانی [ئاڵمانیا] بە هەمان تۆنی "ڕاگەیاندنی شەڕ" دوو ساڵ لەمەوبەر دەخرێنەڕوو. داواکارییەک کە هیچ نیشانەیەکی ئامادەیی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە لە ڕێگەی دانوستانەوە تێدا بەدی ناکرێ.

سەرشێتییە گوێبیستی شەڕخوازانێك ببین کە هێشتا باسی سەرکەوتن بەسەر ڕووسیادا دەکەن و هاوکاتیش لەناوچوونی هەموو ئۆکرانیا بۆ ئەوان جێی خەم و پەژارە نییە.

سەرشێتییە کاتێ سیاسەتمەدارانی پارتی سەوز [لە ئاڵمانیا] هەوڵی فریودانمان دەدەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن بەشداری ڕاستەوخۆی ئاڵمانیا لە شەڕی ئۆکرانیادا نابێتە هۆی شەڕی ئەتۆمی.

سەرشێتییە کە سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، لە سەفەری ئەم دواییەیدا بۆ کییێڤ، شان بە شانی سەرۆکی ئیتالیا کە پارتەکەی ڕەگ و ڕیشەی لە ڕابردووی فاشیستی ئیتالیا داکوتراوە، بانگەشەی ئەوە بکات کە ئێمە لە ئۆکرانیا بەرگری لە "مافە ئەورووپییەکان" دەکەین.

سەرشێتییە کاتێ یەکێتیی ئورووپا، کە سەردەمانێک تاکە پرۆژەی ئاشتی بوو لە ئورووپا، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بو پاڵپشتییکردنی "**شەڕ**" بە ملیارد دۆلار بۆ پیشەسازییە سەربازییەکان تەرخان دەکات.

سەرشێتانەیە کاتێ سیاسەتوانانی بەرپرسی وڵات لەسەر بانگی شەڕەنگێزی خۆیان هێندە سەرلێشێواو بن. ئەوان لە ناو ژوورە گەرمەکانیانەوە کە هەرگیز شەڕیان ئەزموون نەکردووە، بانگەواز بۆ سەربازی ئۆکرایینی ناو خەندەقە ساردەکان دەکەن بۆ ئەوەی شەڕەکە بەردەوام ڕاگرن، خۆیان بکەنە قوربانی ئێمە و لە پێناو ئێمەدا ئازار بکێشن.

سەرشێتییە ئێمەی ئورووپی ئێستاش دوای دوو ساڵ لە هەڵایساندنی مەترسیدارترین و ترسناکترین شەڕی ئورووپا، ناتوانین لە ڕێگەی دانوستانەوە کۆتایی بەم شەڕە بهێنین. ئەو سەرشێتییە بیرۆکەی باو لەمەڕ ئەوەی گۆیا ناکۆکییەکان تەنیا لە ڕێی هێزی سوپاییەوە چارەسەر دەکرێن و بەکارهێنانی دیپلۆماسی هیچ کارتێکەرییەکی نییە، سنوورە خوێناوییەکانی ئۆکرایینیش تێدەپەڕێنێ.

سەرشێتییە کاتێ قسەکانی وەزیری دەرەوەمان "Annalena Baerbock" (لە حزبی سەوز) دەبیستین. قسەکانی زیاتر لە گوتنی شەڕخوازانە دەچێ، وەزیرەکانی پێشوو بە پێچەوانەی ئەو، حەولی ئاشتیانەیان هەبوو و ئەگەر ململانەی سەربازی ڕووی دابایە، بە دوای چارەی ئاشتیانەدا دەگەڕان.

سەرشێتییە کاتێ ئێمە لە دوای کۆتایی شەڕی ساردەوە شاهیدی زۆرترین و چڕترین شەڕەکانین و هاوکات لە زۆربەی ئەو ململانێیانەدا سەر بۆ هێرشی سەربازی دادەنەوێنین.

سەرشێتییە کە ئێمە بەهۆی کەمکردنەوەی تێچووی ژینگەیی، کەمکردنەوەی تێچووی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، بەڵام برسێتی زیاتر، هەژاریی زیاتر، پەناخوازیی زیاتر، کۆچبەری زیاتر و بە قوربانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، پێمان وابێ ئاسایش تەنیا بە بەرزکردنەوەی بودجە سەربازییەکان گەرەنتی دەکرێت و بە کردەوە شەڕ گەشە پێبدەین.

گەلێك سەرشێتانەیە گەشەپێدانی خێرای تەکنەلۆژیا و سیستەمی چەکی ئاڵۆز- سیستەمگەلێک کە تەنانەت لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا بۆ ئێمە نەناسراو بوون و توانایی ئەوەیان هەیە لە ماوەی چەند خولەکێکدا بە تەواوەتی جیهان و هەموو نیشانەیەکی ژیان لەسەر ئەم هەردە لەناو ببەن.

هەروەها سەرشێتییە کە لە سەردەمی سیستەمی چەکی هەڕەشەئامێزدا هەموو پەیماننامەکانمان لە چوارچێوەی سنووردارکردنی چەک و کۆنترۆڵکردنی یەکتر، هەڵوەشاندەوە. ئەو ڕێکەوتنانەی وا لە سەردەمی شەڕی سارد و ماوەیەکی کەم دوای کۆتایی پێهاتنەکەی بۆ ئاسایشی زیاتری ژیانی مرۆڤ لەسەر هەسارەکە بڕیارمان بۆدان، چیتر بوونیان نییە.

سەرشێتانەیە ئێمە بەردەوام پیشەسازی سوپایی ماڵوێرانکەر دەخوڵقێنین. ئەو پیشەسازیانەی لە لووتکەی "کارایی" بەرهەمەکانیاندا هیچ سنوورێکی مرۆیی لەبەرچاو ناگرن و نایناسن و تا ئێستاش یارمەتییان پێدەدرێت.

سەرشێتانەیە لە سەردەمێکدا ڕێوشوێنی متمانەسازی وەک گەرەنتییەک پێشوازیی لێدەکرێ، هێرشێکی لەناکاویش لەلایەن هەموو بەرەکانەوە پێشوازی لێکرا. هەروەها شێتانەیە تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ تەواو پێچەوانەی ئەو وەستاوە و ئامانجی ئەوەیە لایەنی بەرامبەر سەرلێشێواو بکات و کاتی کاردانەوەیان سنووردار بکات. هەروەها دەزانین کورتکردنەوەی کاتی وەڵامدانەوە خێرا، دەبێتە هۆی خوڵقاندنی هەڵسوکەوتی شێتانەی کۆتایی. ئێمە باسی گەشەسەندنێک دەکەین کە بۆ بڕیاردانی نێوان شەڕ و ئاشتی کۆنترۆڵی زیاتر و زیاتری بە ژیریی دەستکرد دەسپێردرێت، لەبری ئەوەی مرۆڤ خۆی بڕیاری بۆ بدا. ئێمە دوور نین لەو کاتەی بڕیاری درێژەدان بە ژیان لەسەر هەسارەکەمان بە تەواویی بە ژیریی دەستکرد بسپێردرێ.

## چ دەتوانین بکەین؟

خەڵکێکی بێژومار لەم شوێنە کۆبووینەوە. من بە کۆبوونەوەمان دڵخۆشم، بەڵام چیتر ناتوانین خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی ساڵی ۲۰۰۳ (ئەو ساڵەی ئەمریکا عێراقی داگیر کرد) لە چوارچێوەی شەڕی ئۆکرانیادا ڕێکبخەین. نەخێر! پێموانییە ئیتر گونجاو بێت. هەروەها ئەوەش زۆر جێگەی داخە چونکە دۆخی ئەمڕۆ زۆر مەترسیدارترە لەوەی ساڵی ۲۰۰۳ تێیدا بووین. سەرەڕای ئەوەش هێشتا هیواداریی نەمردووە و دەژی. بە هاوکاری ڕاپرسییەکان دەزانین کە گۆڕانکارییەک لە نێو بیروڕای گشتی ئاڵمانیا و ئورووپادا ڕوودەدات. ئامارەکان

دەریدەخەن خەڵکێکی زۆرتر بڕیار و دژایەتی خۆیان بۆ ناردنی چەک و درێژکردنەوەی شەڕ دەردەبڕن. پێویستە هەوڵبدەین ئەم وەرچەرخانە ئەرێنییەی بیروڕای گشتی لە هێزێکی سیاسیدا زیندوو بێتەوە. هەروەها تاقە ئەرکێك کە ئێستا لە پێشمانە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی ئەوروپایە. پێویستە مانایەکی نوێ بەم هەڵبژاردنە بدەین و بیکەین بە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئاشتی لە ئەوروپا و جیهان.

لە ئاڵمانیا ئێستا دەرەتانی ئەوەمان هەیە ئەو هێزە سیاسییانە هەڵبژێرین کە بەرگریکاری ڕاستەقینەی ئاشتین بەبێ ئەوەی بەدوای ئامانجی ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیستیدا بگەڕێن. بۆیە بانگهێشتتان دەکەم بەشداری هەڵبژاردنی ٩ی مانگی جوون بکەن و دەنگ بە ئاشتی و عەقڵانیەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بدەن.

زور سوپاس بو گرنگیدان و سەرنجتان

سەرچاوە: یوتیوب

"https://www.youtube.com/watch?v=70hC_SsVYtw"

٢٣، ئابریلی ٢٠٢٤ – ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکان